# ئەنفال ئەگەر سەركردەی هەبێ سەدامی ناوێ ؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

دەسەڵاتی كوردی ئەوەندە كەیسی ئەنفالیان سادە كردۆتەوە خەریكە بە نەمانی سەدام بیفرۆشن بە چەند قروش و ئیمتیازێ و بیسپێرن بە لەبیرچوون و زاكیرەیەكی وون؟ كەیسی ئەنفال هەرگیز نابێتە كارەساتێكی دیكۆمینتاریانەی كوردی ئەگەر لێبران و كاری تەواوەتی بۆ نەكرێت و ئەوەندەش پەیوەست نییە بە سەدامەوە، كەیسی ئەنفال بە دروشم نابێتە سەرمایە بەڵكو بەو دروشمە بێتامانە ئەوەندەی دیكە سادەی ئەكەنەوە و ماوەیەكی دیكە نەوەیەكی نا مەسئول دروست دەبێ لە بیری چووە تراژیدیایە دەڵێ بژی ئەنفال!

ئاخر كەیسی ئەنفال كەیسی ئازارو كوێرەوەری و شەقی جەللادو فەسادەتی ئەمن و ئیستیخبارات و روخاندنی گوندو فرۆشتنی كچ و خوێنلێچۆران و دیارنەمانی هەزاران دایك و باوكی ئێمەن، بۆ بچوكی ئەكەنەوە لە ترسنۆكێكی وەك سەدامدا؟ كارەساتی میللەتێكەو رام وایە هەركاتێ ئەنفالمان بەستەوە بە كەسایەتیەكی سادیزمی وەك سەدامەوە ئەوە مەرگی كەیسەكەمان راگەیاندووەو ئەنفالیشمان لەسێدارەداوە، ئەو بۆچونەی كە پێی وایە كورد بە لەسێدارەدانی سەدام زیانمەندبوو لەبەر ئەوەی كە لەسەر هەڵەبجەو ئەنفال لەسێدارە نەدرا ئەوە لەگەڵ ئەوەی كە بۆچونێكی كەمخوێن و نزیكبینە هەمانكات دەرخەری ئەوەیە ئێمە لاوازین و ناتوانین كولتورو بەڵگەكانی ئەنفال بسەلمێنین و سەرجەم ئازارو كارەساتەكە ئەخەینە گەردن سەدام، ئیدی شۆڤێنیەتی عەرەبی و فیكری عەفلەقی و حیزبی بەعس بێ بەری ئەكەین لە ئەنفال، سەدام بەتەنها داڕێژەری ئەنفال نەبوو لە پشتی سەدامەوە تیۆری و فكرو كولتورێك هەبوو، دەبێ ئێمە بیرلەوە بكەینەوە ئەو تیۆری و فكرە دادگایی بكەین و لە سێدارەی بدەین كە تا ئێستاش ماوەو نەكەوینە ژێر ئەو بارە سایكۆلۆژیە ترسناكەی میدیای عەرەبیەوە بۆ سەدام و وا بزانین ئیتر بە نەمانی سەدام ئەنفالیش تەواو، چونكە ئەمە دواین دۆرانی مێژوویی ئەبێ بۆ كورد! گریمان ئێمە سەدام و هەموو سەرانی بەعسیشمان بە دەستی خۆمان و لەسەر ئەنفال و هەڵەبجەش پارچە پارچە كرد، ئەی بەواقعی چیمان كردووە بۆ ئەنفال؟ چەند سەنتەری توێژینەوەمان هەیە بۆ ئەنفال؟ پاڵپشتی ئەم بۆچونەم هۆلۆكۆستە كە گەر دەسەڵاتی كوردی بیەوێت دەتوانێ وەك ئەزمونێ چاوی لێ بكات، ئیسرائیل و لۆبیەكەی كارەساتی كوشتنی ملیۆنان جولەكەیان كرد بە كارەساتێكی جیهانی و هیتلەریشیان پێویست نەبوو كە بەدەست و فەرمانی ئەو كوژران؟ هیتلەر نەك لە سێدارە نەدرا بەڵكو تەرمەكەیشی وون بوو كەچی جولەكەكان سەری دنیایان لێ نەهاتەوە یەك و نەیان ووت هیتلەر نەما ئیتر چۆن هۆلۆكۆست بكەین بە كارەساتێكی نەتەوەیی و جیهانی؟ دەكرێت ئێمەش گەر راست ئەكەین و حكومەت و پەرلەمانمان هەیە لە غیابی سەدامدا كەیسی ئەنفال ببەینەوە وەك چۆن جولەكە لە غیابی هیتلەردا كەیسی هۆلۆكۆستیان بردەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە جدیەت و لێبرانی دەوێ نەك دروشم و گاڵتەجاری چونكە ئەنفال ئەنفالە؟!